خوێنەرانی هێژا. . .

گەورەترین مەترسی ئەنقەرە لەمەڕ باشوری کوردستان ئەوەیە کە تورکیا بۆ یەکجاری ڕۆڵی پردی پەیوەندی نێوان کورد و ئەمەریکا لە دەست بدات. وەک ئاشکرایە ئەنقەرە وەکو ئەوەی کە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵ کردنی کوردی بە قۆنتەرات گرتبێ، هەمیشە هەوڵی داوە ئاگای لە بچوکترین وردەکاریەکانی پەیوەندی نێوان کوردستان و ئەمەریکا بێت و تا بتوانێت دۆزی کورد پاشەکشە پێبکات و نەهێڵێت ڕەهەندێکی نێونەتەوەیی وەربگرێت. ئەم دوو وتارەی لای خوارەوە دوو نمونەن بۆ ئەم بۆچوونە.

کوردستان نێت

# گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیادا (٤)

بەکر شـــوانی
bschwani@hotmail.com

## پاڵ بە کوردەکانەوە مەنێن بەرەو ئەمەریکا

نوسەری ڕۆژنامەی "حوریەت" ئەنیس بەربەرئۆغلۆ لە بەشێکی وتاری ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٣/٢ی ڕۆژنامەی ناوبراودا و لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەدا دەڵێ:

(مشتومڕی تەزکەرە "مەبەست لە تەزکەرە، مۆڵەت بەخشینە بە سوپای ئەمەریکا بۆ ئەوەی لە ڕێگای تورکیاوە بچێتە باشوری کوردستان-وەرگێڕ" سێبەری خۆی بەسەر خەوشێکی گەورەدا کێشا: ئەگەر سەرنج بدەن بەدرێژایی هەفتەی ڕابردوو و بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتیوانی/هاوکاری ئەمەریکا، کێبەرکێیەکی توند لە نێوان ئەنقەرە و هەولێر دا پێکهات.
کوردەکان بەهەر ڕۆژئاواییەک گەیشتن، لێی پاڕانەوە کە "تورکیا نەچێتە باکوری عێراقەوە". . . .
لە هەمووی خراپتر وەزیرەکانی کۆماری تورکیا و بیرۆکراتەکانی دەوڵەتی هەزار ساڵەی تورک، لەگەڵ دوو سەرۆک عەشیرەتی وەکو بارزانی و تاڵەبانی دا خرانە تای هەمان تەرازوو. . . .
تورکیا بەهۆی گۆڕانکاریەکانی باکوری عێراق لەدوای شەڕی یەکەمی کەنداو زیانی زۆری لێکەوت.
مەحاڵە کەس خوێنی ڕژاو لەبیر بکات. . . شەڕ بێننەوە بیری خۆتان. کێ زمانی کوردی ئازاد کرد، کێ ژیانی ئەوانەی ڕزگار کرد کە لە دەستی سەدام هەڵهاتن، کێ تاڵەبانی و بارزانی بانگکردە لای خۆی؟! بۆچی پێتان وایە هەموو ئەمانە بە لولەی چەک پێکهات؟. . لەبیرکردنی ڕووداوەکانی ١٢ ساڵ لەمەوبەر و دوژمنایەتی کردنی کورد بەمەبەستی کەمێک دڵنیاکردنی ڕای گشتی ناوخۆ و نیشاندانی هێزی بازوو بە جیهان، کارێکی بێ کەڵکە. تورک، کورد، عەرەب و عەجەم دانیشتوی

ڕەسەنی ئەم سەرزەمینەن و قوربانی دەستی سەدام و دیکتاتۆرەکانی وەکو ئەون. لەبەر ئەوە ئیدی بەسە؛ با هەر کەس لەبەر خۆیەوە قسە نەکات. کوردەکانیش "ئەگەر کەس بە زۆر نەیانخاتە باوەشیەوە" با ساوایانە بیر نەکەنەوە و ئەو ئەمەریکایەی کە دووجاران ناپاکی لێکردوون، بە ڕزگارکەر نەزانن.

تورکیا و کوردەکانی عێراق لە تەرازووی ئەمەریکادا

سەدات ئەرگین لە گۆشەکەی خۆیدا و لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٢/٢٨ ی ڕۆژنامەی "حوریەت"دا، وتارێکی بەو ناونیشانەی سەرەوە نوسیوە کە لە بەشێکیدا دەڵێ:

(ئایا ڕاوەستانەوەی توندی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی سەرانی کوردەکانی عێراق دژ بە تورکیا چ واتایەک دەبەخشێت؟ لەوانەیە ئەم وەڵامانەی لای خوارەوە بۆ ئەم پرسیارە بشێن:

١) هۆکاری بارزانی: ئەم سنگدەرپەڕاندنە زیاتر لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی دەردەکەوێ وەک لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەمەش لە خودی خۆیدا هۆکارێکی ئاشکرایە، چونکە ئەو بەشەی باکوری عێراق کە بە سنوری تورکیاوەیە، زیاتر لە هەرێمی بارزانیدایە. هەرێمەکەی تاڵەبانیش زیاتر بە سنوری ئێرانەوەیە و بەرەو باشور دەکشێ.

٢) هۆکاری دەروونی: چوونە ژوورەوەی سوپای تورک بۆ ناو باکوری عێراق، بەهەموو ئەگەرێک گروپە کوردیەکان نیگەران دەکات. هاتنی هێزێکی گەورەی ٤٠ هەزار سەربازی بۆ ئەو هەرێمەی کە بە قەڵەمڕەوی خۆیانی دەزانن، چاوەڕێ ناکرێ کوردەکانی خاوەن ١٢ ساڵ دەسەڵات و سەربەخۆیی دڵخۆش بکات.

٣) سەرفکردنی ناوخۆیی: دەتوانرێ بوترێ ڕاوەستانەوەی سەرانی کوردی عێراق لە بەرامبەر تورکیا تا ڕادەیەک پەیامێک بێت بۆ ڕای گشتی خۆیان یان ڕاستتر بڵێم بۆ سەرفکردنی ناوخۆ بێت. سەرانی کورد لەدوا سەردانیاندا بۆ ئەنقەرە لەگەڵ لێپرسراوانی تورکدا لەسەر چەند بنەمایەک ڕێکەوتن و ئێستاش لادان لەو ڕێکەوتنانە، ئەم ئەگەرە بەهێزتر دەکات

. . . . . . . . . . . . .

٦) داهاتووی پێشمەرگەکان: دامەزراندنی یەک سوپای نیشتیمانی بۆ عێراق، هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگەی تاڵەبانی و بارزانی دێنێتە ئاراوە. هەروەها ئەو چەکانەی کە ئەمەریکا بەسەر پێشمەرگەدا دابەشی دەکات، لەدوای شەڕ بە چاودێری تورکیا کۆدەکرێتەوە و ئەمەش خاڵێکی تری هۆی پەرەسەندنی نیگەرانیی کوردەکانە. کوردەکان بەوە نیگەرانن کە تورکیا لە میانەی ئەمەریکاوە ئەوان کۆنترۆڵ دەکات.

. . . . . . . . . . . . .

**١١) تای تەرازوو: لەوانەیشە لۆژیکی تر بێت بەم شێوەیە بۆ مەسەلە بچین: ئەمەریکا کە بۆ مەبەستی ڕووخاندنی سەدام پێویستی بە بەرەی باکوری عێراق و هاوکاری ستراتیژی تورکیا هەیە، تورکیای خستۆتە تای تەرازوویەک و گروپە کوردیەکانی عێراقیشی خستۆتە تایەکەی تر.**

**ئێستا قورسی تەرازووەکە بەلای تورکیادایە.**

**ئایا لەدوای شەڕ هاوسەنگی تەرازووەکە هەڵە دەکات؟**

**پێویستە ئەم ئەگەرەش پشتگوێ نەخرێت.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت